# تـايپی هۆنراوەی میللیی ئایینی وەك ئەزموونێکی شیعری لای ( پاکی )ی شاعیر

م.ی. هیوا کەریم حسێن
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت
بەشی زمانی کوردی

**پێشەکی:**

مەلا " تاهیری کوڕی مەلا مەعرووف" کە "پاکی" نازناوی شیعریەتی، یەکێکە لەو مەلا و ڕۆشنبیرە موسڵمانانەی، کە خاوەنی چەندین هۆنراوەیە لە بواری جیاوازدا.

خوێنەر کاتیك هۆنراوەکانی (پاکی) دەخوێنێتەوە و سەرنجی دەدات و واتاکانی لێك دەداتەوە و بابەتەکانی پۆلێنبەند دەکات، خۆی لە بەردەم شاعیر و ئەدەبێکی موسڵماندا دەبینێتەوە. چ وەك بابەت و چ وەك دەرهاویشتە بەهاییەکانی نێو هۆنراوەکانی هەروەها وەك بایەخ و پێویستی و پەیوەست بوون و تەنانەت شێوازی دەربڕین و موفرەداتی شیعریش، ئەم تایبەتمەندیانە لە هەموو هۆنراوەکانیدا وەك هەڵوێستێکی مەلایانەن بەرانبەر دیاردە و ڕووداوەکان. خاوەنی مەرجەعیەتێکی فیکری و ڕۆشنبیریی و جیهانبینییە، کە لە هەموو بابەتێکدا بۆی دەگەڕێتەوە، تەنانەت لەو شیعرانەیشدا، کە وەکو عاشقێك لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەریدا دەدوێ.

ئەم شاعیرە خاوەنی هەستێکی ئیسلامیانەی ڕاستگۆیە، هەموو بوونی خۆی لەوانەیش هۆنراوەکانی خستۆتە خزمەتی ئامانجێکەوە کە گەیاندنی پەیامی ئیسلامە. واتە بە گشتی لای ئەم شاعیرە، هۆنراوە هۆکارێکە بۆ گەنایدنی ئامانج و بابەتێك. بۆیە دەبینین هۆنراوەکانی لێوانلێوە لە چەندین بابەت، هەموویان لە دەوری مەلایەك کۆبوونەتەوە، کە هەڵگری ڕۆشنبیرییەکی تایبەتە، کە دواجار ئایینەکەیەتی، هاوکات ئایینی ئەو کۆمەڵگایەیە کە ئەو نوێنەرایەتی دەکات.

لەم ڕوانگەیەوە، هۆنراوەکانی (پاکی) بە گشتی هۆنراوەی ئایینین، ئەگەرچی چەندین هۆنراوەی سۆزداری بۆ ئافرەت و چەندین هۆنراوەی لە بابەتی کۆمەڵایەتی و زانستیدا هەیە. ئەمانە هەموویان لە چواچێوەیەکدا کۆدەبنەوە، کە گوتاری ئایینی بەسەر هۆنراوەکانیدا زاڵە، لە کۆی هۆنراوەکانیدا هەست و خوێندنەوەی موسڵمانێکی دڵسۆز و ڕاستگۆ بە دیدەکرێت.

ئەم توێژینەوەیەمان لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم بەناوی: سۆفیگەری وەك تایپێکی ئایینی زاڵ لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا، باس لە جۆرێکی شێعر کە سۆفیگەرییە لە شیعری کلاسیکدا دەکەین. بەشی دووەم لە سێ پار پێك دێت. پاری یەکەم لەڕێی شیعرەکانەوە باسی سەردەمی شاعیر و تایپی هۆنراوەی میللی ئایینی وەکو سۆفیەك دەکەین. لە پاری دووەمدا باسی ڕەنگدانەوەی هێندێك بابەتی عیرفانییە لە شیعرەکانی "پاکی"دا وەکو باسی دڵ و عیشقی حەقیقی و مەجازی و بابەتی شەریعەت لای عاریفان. پاری سێیەم باسکردنە لە بابەتی ئایین

بە مەبەستی چاکسازی لە کۆمەڵگادا. لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکەمان خستۆتەڕوو، لەگەڵ ڕیزکردنی ناوی سەرچاوەکان.

## بەشی یەکەم

## سۆفیگەری وەك تایپێکی ئایینی زاڵ لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا

عیرفان وەك ڕێچکەیەکی تایبەتی ئایینی و تەسەوفیش وەك تایپێکی تایبەت لە عیرفان، سەرەتا و بناغەیەکی ئەدەبیاتی کوردیان پێکهێناوە خولگە و زەمینەی ئەمجۆرە ئەدەبیاتەش ڕۆشنبیرانی ئایینی ئیسلام ڕێچکەشکێن و داهێنەری بوونە. ئەگەر (بابا تاهیری هەمەدانی) سەرەتای شیعر و ئەدەبیاتی کوردیمان بێت، ئەوا بەڵگە نەویستە، کە شاعیرێکی عاریف(باطني) بووە، تا سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی کلاسیکی هەورامی و کرمانجی ژوورو ناوەڕۆکی عیرفانی هەر بەردەوام بووە، بەڵام تایبەتمەندی هەریەکەیان جودا بووە. واتە لەو دوو سیاقەی کات و شوێنیش هەمان تایپ زاڵبووە و بە هاتنی (مەولانا خالیدی نەقشەبەندی) و سەرهەڵدانی تەریقەتی نەقشی ئەم ڕێچکەی ئەدەبیاتی عیرفان و تەسوفە تۆختر و قووڵتر دەبێتەوە. لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم تایپ و دیدە ئایینیە، خودی بوونی ئایینە. بە واتای ئایین زیاتر هۆکارێکە بۆ کارکردن لەسەر ڕەفتاری خودی و زوهد و بایەخدان بە دڵ و دەروون و گێڕانەوەی مەعریفە بۆ دڵ و دەروون. بە کورتی بە سەرچاوەکردنی دڵە بۆ مەعریفە و خۆناسی و خواناسی و سەرقاڵبوون بە خودەوە. لێرەدا ڕەهەندێکی عاریفانە وەردەگرێت. ((ئەو دەبێتە عارف و لەنێو عیرفانەوە بیر دەکاتەوە، کە ئەمانەش پایەی باڵان و کەم سۆفی پێیان دەگەن، بەتایبەت کە عارف تەواوی خۆی داوەتە دەست خودا و تەواوی دەوروبەریش بە ڕەهەندە دیار و نادیارەکانییەوە لە خودادا دەبینێ.)) ﴿لەشکری،٢٠١٣،ل٣٧﴾ کەواتە شاعیربوون و شیعریش لە کلاسیکییەت یەکێك بووە لەو ڕێیانەی شاعیری سۆفی، بۆ گوزاهشتکردن لە خۆی بە کاری هێناوە. لەلایەکی دیکە شاعیریش وەکو جۆرێکلە شیعر هەست و بیرکردنەوەی سۆفیانەی خۆی بە شیعر دەربڕیوە. ئەمەش هەوڵێك بووە بۆ کەشفکردنی ڕوویەکی دیکەی بوون، ئەمەیش سەرەتایەك بووە بۆ دۆزینەوەی خود و ناسنامە، بە بڕوای "ئەدۆنیس"ی شاعیر ئەمە لە دوانە لێکدژەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. وەکو: وێنە/ناسنامە، بوون/ناوەڕۆك، خود/ بابەت. ئەمانە هەڵگری پێکهاتەی کەینوونەی ناوەوەی خودن. ((کەواتە شێوەی ڕاستیی بوون لە واتادا لە وێنە جودا نییە، یان لە وێنەیەکی جودا لە واتا، بەڵکو بە لێکدانی وێنە و واتادایە، بە یەکێتییانەوە.)) ﴿ادونیس،١٩٧٩،ص٩٧﴾ ئەمە بیرکردنەوەیەکی فەلسەفیانەیە لە بارەی یەکێتیی بوونەوە، ئەویش سەلماندیەتی لە ڕێی دوانە دژەکانەوە.

ئەدەب بە گشتی و شیعر بەتایبەتی هەمیشە لەگەڵ تایپی سۆفیگەرییدا سەروکاری باشی هەبووە، چونکە سۆفی و عاریفەکان لەو ڕێیەوە توانیویانە باشترین کاریگەری لەسەر لایەنی دەروون و هەستی ناوەوە دابنێن. لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلام، قورئان دێتەخوارەوە، زمانی قورئانیش زمانێکی پڕ لە هونەرکاری و ڕەوانبێژییە، وشەکانی، وشەی سەیر و کاریگەربوون. لەبەرئەوە ((بەرهەمە نووسراوەکانی پەخشانی سۆفیەکانیش کەم و زۆر سیمای بوونی شیعری وەرگرتووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی سۆفی و عارف بەر لە هەموو شتێك ئەهلی دڵە کەش و چێژ و خەیاڵ و سۆز و ناسکبوونی هەستەکاندایە و خولیای بڵندبوونی ڕۆحی هەیە.)) ﴿عەبدولکەریم،٢٠١٤،

ل٨٧﴾ سۆفییەکان لە شیعرەکانیاندا بە دوای خود لە قوڵایی دەروونیاندا دەگەڕان، دواتر بە ئامانجی گەیاندنی باوەڕ و پەند و ئامۆژگاری هەوڵی نووسینی شیعریان دەدا. ئەم هەوڵە بۆ گەیاندنی پەند و ئامۆژگاری هاوکات خاسیەتێکی دیاری ئەدەبی کلاسیکە. لێرەدا مەبەستمان لە ئەدەبیاتی کلاسیکی ئەورووپییە، هاوکات ئەم خاسیەتە بۆ ناو کلاسیکییەتی کوردیش پەڕیوەتەوە. چونکە لە ئەورووپاش کلاسیکییەت ڕەهەندێکی ئایینیانەی هەبووە، پیاوە ئایینییەکان بۆ گەیاندنی مەبەست و بیرکردنەوەکانیان پەنایان بۆ ژانرە ئەدەبییەکان بردووە. هاوکات گرینگیان بە ئەدەبیاتی کۆنی یۆنانی و ڕۆمانی داوە. ((بە شێوەیەکی گشتی هەموو هونەرمەندانی کلاسیك باوەڕیان وایە کە بەرهەم یان کاری هونەری ئەدەبی لەژێر ڕواڵەتی جوانی خۆیدا لایەنێکی ئەخلاقی بگرێتەخۆ کە بە گەوهەر و کرۆکی ئەسڵی ئەو بەرهەمە و هۆی دروستبوونی ئەو بەرهەمە بژمێردرێت.)) ﴿حسێنی، ٢٠٠٦،ل٣٣﴾

دەتوانین خاسیەتە جیاکەرەوەکانی شیعری عیرفانی و سۆفیگەری وەکو تایپێکی شیعری کلاسیك لەم خاڵانەی خوارەوە دیاری بکەین:

١. شیعری سۆفیگەری پشتی تەواو بە ڕەمز دەبەستێت، بۆ نموونە لە باسکردنی مەی، ئافرەت، خەلوەت...تاد. ئەوان بە ڕەمز هەوڵیانداوە گوزارشت لەو بارە ویژدانی و دەروونیەی خۆیان بکەن. کەواتە ئێستاتیکای وشە و ڕەمز لای ئەوان بۆ گوزارشتکردنە لە ڕووح و مەقامەکانیان. ڕەمزیش هەمان تاقیکردنەوەی حاڵەتی سۆفییانە بۆ تێڕوانین لە سرووشت و خود. ((شاعیرانی کلاسیك بە پلەی یەکەم سوودیان لە ئایین و ڕەمزە گرنگەکانی وەرگرتوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەبوونیان لەنێو ژینگەیەکی ئایینیدا.)) ﴿حەمەد، ٢٠١٢، ل٢٤٦﴾ هاوکات سۆفییەکان ئەوکات پشتخانێکی ڕۆشنبیریی ئایینیان هەبووە، سوودیان زۆر لە کتێب و ڕەمزە ئایینییەکان وەرگرتووە.

٢. زمان یەکێکە لەو خاسیەتانەی شاعیرانی کلاسیك زۆر بایەخیان پێداوە. ئەو بارە ویژدانی و ڕووحیەی سۆفی هەیەتی، بۆ دەربڕینی پێویستی بە زمانێکی باڵا هەیە. واتە شاعیران لە شیعری سۆفیگەریدا هەوڵدەدەن خێراترین کاریگەریان لەسەر خوێنەر هەبێت. ((زمانی تەسەووف لە جوانییەکەیدایە، یەکەیەکی هونەری، هەستی و فیکری کە هۆش بەرزدەکاتەوە، دەئافرێنی، ئەویش بۆ گوزارشتکردن لەو ئەزموونە عیرفانیەی هەیەتی.)) ﴿جمعە، ص٢٢﴾ ئەم جۆرە لە زمانە چەندین تایپ و جۆری شیعری دروستکردوە، هێندێك سوودیان لە زمانی کلاسیك بۆ نووسینی شیعر و هێندێکی تر سوودیان لە زمانی میللی بۆ نووسینی شیعر وەرگرتووە.

٣. شیعری سۆفیگەری لە کلاسیك بە دەستەواژە و وشەی سۆفیانە و عاریفانە. هەرکەسێك بیەوێ لە شیعری سۆفیانە بگات، دەبێ زانیاری لەبارەی ئەو وشە و چەمکانەوە هەبێت. ئەویش لە پێناو ئاشکراکردنی نهێنی و شیکردنەوەی ئەو ڕەوتە سۆفیگەریەی شاعیر هەیەتی. بۆ نموونە چەمکەکانی:کات، مەقام، حاڵ، وەجد، بوون...تاد.

٤. دوورکەوتنەوە و کۆچکردن خاسیەتێکی دیاری شیعری سۆفیگەرییە لە کلاسیکدا. هەمیشە شاعیرە سۆفییەکان لە کۆچکردندان، بۆ نموونە لە سکی دایکەوە کۆچ بۆ سەر دنیا دەکەین، پاشان بۆ دنیای بەرزەخ، کۆچکردن لە دنیاوە بۆ دواڕۆژ. هەموو ئەمانە بۆ جوانکردنی لایەنی هونەری شیعرە، هاوکات خاسیەتێکی دیاری بیرکردنەوە و فەلسەفەی سۆفیانەیە.

گەلێك خاسیەتی دیکەیش بۆ شیعری سۆفیانە لە شیعری کلاسیکیدا هەن، بەڵام باسی ئەو خاسیەتە گشتییانەمان کرد، کە دەبنە بنەمایەکی گشتی بۆ ناسینەوەی ئەم جۆرە لە شیعرە لای شاعیرانی کلاسیك.

## بەشی دووەم

## پاری یەکەم

## سەردەمی (پاکی) و تایپی هۆنراوەی ئایینی میللی لای ئەو شاعیرە

سەردەمی (پاکی) سەردەمی دەرکەوتنی هێزە چەپ و سیکولارەکانە لە کوردستاندا، ئەم ڕەوتە لە گەشەی خێرادابووە و کۆی هێزە سیاسییەکانی کوردستان، ڕەوتە خێڵەکی و سەرکردە ئایینیە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگا تێدەپەڕێنێت. چەپبوون و بیری ناسیونالیستی و عەلمانیبوون دەبێتە ڕێچکەی جووڵە و بزاوتنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی گەلان، ئەم کەسانە زۆربەیان شاعیربوون، هەوڵی خۆ دەربازکردنیان لە شیعری کلاسیکی دەدا، هاوکات لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە خۆیان بە پیشکەوتووتر دادەنا. لەلایەکی دیکە زۆربەی ئەوانە لەناو کۆمەڵە و شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا بەشداربوون. ((ئینجا ڕاپەڕینەکان و شۆڕشەکان کاریگەری زۆر گەورەیان گێڕا بۆ ئەم بیرۆکەیە، کە شاعیران ئاسۆی بیریان ئاوێتەی شیعرەکانیان بکەنەوە.)) ﴿کاك ئەمین، ٢٠٠٨،ل١٦٨﴾ ئەم هەوڵانە لە بەرانبەردا کادیرە تەقلیدییەکانی ئایینی کە خۆی لە مەلاکاندا دەبینێتەوە بە گشتی ئاستی ڕۆشنبیرییان تەنانەت لە پسپۆڕییەکەی خۆشیاندا سنوورداربووە. لەلایەك بەرگریان لە تایپی ئایینی دەکرد، کە لەگەڵ سەردەمی نوێ و گیانی زانستخوازیدا دەگونجێت. لەلایەکی ترەوە لە هەوڵی ئەوەدا بوون کۆمەڵگا دانەپچڕێت لە بەهاکانی ئیسلام، هەندیکجاریش دەکەوتنە ڕەخنە لە پیاوانی ئایینی، کە لە ئاستی پێویستدا نین بۆ چاکسازی.

(پاکی) یەکێکە لەو مەلایانەی کە کۆی ژیانی لەم پێناوەدا تەرخان کردووە، هۆنراوەیشی کردۆتە یەکێك لەو هۆکارانەی بۆ گەیاندنی پەیامەکانی. ئەم شاعیرە لە هۆنراوەکانیدا هەمان ڕێچکەی ئەدەبیاتی کلاسیکی پێڕەو کردووە، بەڵام بە جیاوازی ئەوەی زمانی شیعری و داڕشتنی دونەریی شیعرەکانی سادەیە و لە ئاست هونەر و سنعەتکاریی شاعیرانی کلاسیکی وەکو : نالی، مەحوی، کوردی، جزیری...تاد نییە، بە گشتی هەڵگری زمانێکی سادەیی خەڵکە، ئەو خەڵکەی لە چینی هەژار و جووتیار و کاسبکارە.

لەڕووی ناوەڕۆك و بابەتیشەوە وەڵامگۆی بابەتەکانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاساییە، لە خوارەوە لەسەر هێندێك لەو بابەتانە دەوەستین.

### ١. خودا لە شیعرەکانی (پاکی)دا:

خودا لای ئەم شاعیرە دوا ترۆپکی خۆشەویستییە و بە جۆرێك بڕوای وایە، کەس وەکو ئەو (یاری) ئاسمان نییە ((لای سۆفی زانای ناکۆتای خودا، کە نە وەخت دەناسێت و نە شوێن، حەقیقەتی ڕەهایە، بەڵام دونیا هەم واقیعێکی دیاریکراوە و هەم هەبوونیشی، بە ویستی خوداوە بەندە. وجوودی خودا، زەریایەیکی بێسنوورە،

خودای ئینسان لەناویدا دڵۆپە ئاوێکە، ئەمەیش سووك سەرنجدانی ئینسان نییە، بەڵکوو زادەی (یەکێتیی بوون)ە، کە کرۆکی سۆفیگەرییە.)) ﴿حەسەن، ٢٠١٦، سایتی باسنیووز﴾، بۆیەیش شاعیر دەڵێت:

**دەبێ کێ وەکو من کە یاری ئاسمانی بێ**

**لە بەرزی ڕوتبە و شئن لەبارەی (لن ترانی)بێ ﴿پاکی، ٢٠٠٧، ل٢﴾**

لە بەیتێکی تری هەمان هۆنراوەدا باسی دووری ئەو یارە شاهەنشاهە دەکات:

**لەبەر دووری لەبارە و بارەگاەی ئەو شەهنشاهە**

**تەعجوب هیچ مەکە یاران لە چاوم خوێن ڕەوانی بێ ﴿پاکی، ٢٠٠٧، ل٦﴾**

هەموو شاعیرانی سۆفیگەری عاشقی زاتێکن، کە زاتی خودایە بۆ ئەوەی یەکێتیی بوونی لەگەڵ دروستبکەن. خودا گەورەترین مەعشووقی شاعیرانی سۆفیگەرییە، کە لای سۆفیەکی گەورەی وەکو "ئیبن عەرەبی" دەبێتە خۆشەویستی و پەیامی خۆشەویستی لە خۆیدا بڵاو دەکاتەوە. "پاکی" شاعیر هێندە عاشقی مەعشووقەکەیەتی بەرگەی دوورییەکەی ناگرێت، داوا لە کەسانی نێزیکی دەکات، ەیچ بە باراندنی خوێن لە چاویدا سەریان سوڕنەمێنێت. شاعیر لە هۆنراوەیەکی دیەکدا باسی خودا دەکات و هاوکات ستایشی دەکات:

**ئەوەڵ بەناوی پادشای بێ چوون**

**زومرەی کائینات بە (کن فیکن)**

**هێنایە وجود لە موڵکی عەدەم**

**کردەوەی خاڵی نیە لە حیکەم** ﴿پاکی،٢٠٠٧، ل٢٤٢﴾

ئەم هۆنراوەیە باسی چییەتی و ماهیەتی بوون دەکات. لە دروستکردنی گەردوونەوە تا ئادەم و پێغەمبەران و خەلیفەکان و نەفسی مرۆڤ و هاتنی قیامەت. بە گشتی لە کۆی هۆنراوەکانیدا باسی خودا دەکات. خۆشەویستی دەربڕین و ملکەچ بوون و پەنا بردنە بۆ ئەم بوونە. لەم ڕێیەوە دەیەوێت بچێتە ناو خۆشەویستیی بێکۆتایی خودا.

**٢. خۆشەویستی پێغەمبەر (د.خ):**

خۆشەویستی پێغەمبەر(د.خ) لە ئایینی ئیسلامدا بەشێکە لە خۆشەویستی خودا، تەنانەت بەڵگەیە بۆ خۆشەویستی خودا. موسڵمانان پێویستە پێغەمبەریان لە خۆیان خۆشتر بوێت. بۆیەیش باستی خۆشەویستی ئەم زاتە گەورەیە پانتاییەکی گەورەی لە هۆنراوەکانی (پاکی)دا لە خۆ گرتووە. بۆ نموونە ئەم شاعیرە ژیانی دووری لە ڕەوزەی پێغمەبەر(د.خ) بە ژیانی سەگ ئاسا دەچوێنێت.

**لە دووریت یا رسول الله گەلێ خەمبار و خەمگینم**

**دەمێکە ڕۆح لەسەر لێوە نزیکی وەختی یاسینم**

**هەوای ڕەوچەی چیابەخشت منی گێڕاوە سەر گەردان**

**مەگەر ناوی فەرەح ئەفزات ببێتە باعپی ژینم**

**ژیانی من لە دووری دائیرەی ڕەوچەی ڕیاچی تۆ**
**ژیانێكە بە سەگ مەرگی نەماوە صەبر و تەسكینم** ﴿پاكی، ٢٠٠٧، ل١٠٩﴾

خۆشەویستی بۆ خودا و پێغەمبەر دەبێتە جیاوازییەكی گەورە لەنێوان دوو جۆر لە خۆشەویستی لە شیعردا. خۆشەویستییەكی پیرۆز، كە خۆشەویستی خودا و پێغەمبەرەكەی دەگرێتەوە، لەگەڵ خۆشەویستی مرۆڤەكان. ((وێنە شیعرییەكە لەم شیعرەدا لە پلەیەكی باڵادا هاتووە، مۆسیقایەك لەگەڵ ئەزموونە شیعرییەكە تێكەڵە.)) ﴿خفاجی، ؟،ص٢٢٤﴾ شاعیر كەسێكە دەیەوێ لەناو مزگەوتی پێغەمبەر(د.خ) و لە نێزیك ڕەوزەكەیدا بژی و هەمیشە لەوێ وەكو خزمەتكارێك بێت. خۆی بە سەگ چواندووە، كە چۆن بۆ دیداری ئەو زاتە پیرۆزە ئارامی نەماوە. لە هۆنراوەیەكی دیكەدا هەر لە ستایشی پێغەمبەردا(د.خ) دەڵێت:

**سوپا سالاری گشت عالەم دەخیلەك یا رسول الله**
**شەهەنشاهی بەنی ئادەم دەخیلەك یا رسول الله** ﴿پاكی، ٢٠٠٧،ل١٦١﴾

لە زۆربری هۆنراوەكاندا ستایشی ئەم زاتە گەورەیە دەكات، وەكو پیاوێكی ئایینی هەمیشە لە نێو خۆشەویستی ئەو زاتەدا دەژی. ئەم خۆشەویستییە بە مایەی شادی دڵ و گیانی دەزانێت. بۆ نموونە لەم دێرەی خوارەوەدا باسی هیچرانی دووری یارەكەی لە شاری مەدینەیە دەكات.

**دەزانی توشەی عاشق چییە بۆ ڕێلەی ەیجرانت**
**ئەمەی من پێم ووتی گیانە نیە زیتر لەمە چارت** ﴿پاكی، ٢٠٠٧، ل٢٩﴾

هەرچەندە زۆرێك لە توێژەران لەو بڕوایەدان، پیاهەڵدانی پێغەمبەر (د.خ) بۆ سەردەمی شەڕی خاچپەرستان دەگەڕێتەوە. ((سەردەمی سەرهەڵدانی مەدحكردنی پێغەمبەر (د.خ) بۆ شەڕی خاچپەرستان و غەزوەكانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دەگەڕێتەوە.)) ﴿خفاجی،؟، ص٢٤٣﴾ بەڵام ئەوەی مەبەستە لێرەدا دەربڕینی خۆشەویستی بۆ ئەم زاتە پیرۆزە بەشێكە لە ڕەوتی سۆفیگەری و زۆربەی شاعیرانی سۆفیگەری و شاعیرانی كلاسیكی كوردی ئەم خۆشەویستیەیان دەربڕیوە و یەكێك بووە لە مەبەستەكانی شیعریان.

**پاری دووەم: ڕەنگدانەوەی هەندێك بابەتی عیرفانی لە شیعرەكانی (پاكی)دا:**

بێگومان عیرفان تایپی زۆرە، لە ئیسلامیشدا ڕەوتی عیرفانی نموونەیەكە زیاتر بواری، یان كایەی ئەدەبیاتی هەڵبژاردووە بۆ كاری نواندن و خۆ مانیفیست كردن. شیعرەكانی (پاكی) چ وەك بابەت و چ وەك چۆنیەتی دەربڕین ناچنە چوارچێوەی شیعری عیرفانییەوە، چونكە ئاشكرایە شیعری عیرفانی لە ڕووی بابەت و ئەزموونەوە تایبەتە بە مەعریفەی عیرفاناسی و لە ڕووی زمانی دەربڕینیشەوە جیهانێكی پڕ لە سیمبول و فەرهەنگە. شیعرەكانی ئەم شاعیرە لە ڕووی بابەتەوە گشتین و لە ڕووی زمانیشەوە سانان. وەكو مەلایەك خاوەنی خاڵی هاوبەشی ڕۆشنبیرییە لەگەڵ شاعیرە كلاسیكییەكان، كە ئەمانیش ڕۆشنبیرییەكی ئایینیان هەبووە. هەوڵ و كۆششی هەیە بۆ ئەوەی خۆی بدات لە قەرەی ئەو بابەت و شێوازە دەربڕینانەی لای شاعیرانی تری كلاسیكی هەیە. بۆ نموونە:

**أ. گرینگی و بایەخدان بە (دڵ):**

بێگومان لای عاریفەکان (دڵ) سەرچاوەی مەعریفەیە و گرینگی و بایەخی زۆری هەیە. دڵ پادشای جەستەیە، لای (پاکی) دڵ خاوەن عەقل و هۆشە، یان پێویستە عەقڵ و هۆشی هەبێت.

**تا بەکەی عصیان ئەکەی تۆ ئەی دڵی بێ عەقڵ و هۆش**
**خۆ تۆ بیستووتە حیکایەتی ئادەم و دایکت حەوا** ﴿پاکی،٢٠٠٧،ل١﴾

لەم دێڕەدا وەکو عاریفێك لۆمەی دڵی خۆی دەکات، کە بەرەو چاکە بێت، نەك بەرەو خەراپە، نموونەی گوناەی یەکەم مرۆڤەکان، کە ئادەم و حەوان لە بەهەشت دەهێنێتەوە، کە بە هۆیەوە دەرکران. بۆ ئەم مەبەستەش پتر پەنا بۆ لایەنی وەسف دەبەن، چونکە ((وەسف یەکێکە لە کەرەسە و مەبەستەکانیشیر لەلای شاعیران.)) ﴿الخطیب، ١٤٠٤هجری،ل٩٠﴾

**ب. لە لۆمە و دواندنی (دڵ)ەوە بۆ (نەفس):**

لای عاریفەکان نەفس یەکەمین و سەرسەخترین دوژمنی مرۆڤە. بۆیەیش لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا نەفس هەمیشە وەك دوژمن و مایەی بچووکردنەوە و شەرمەزاری سەیرکراوە. تەنانەت نەفسی ئەممارە یەکێکە لەو نەفسانەی مرۆڤ بەرەو هیلاکی و لەناوبردن دەبات. دیوانەکەی ئەم شاعیرە چ وەك بابەتی سەربەخۆ و چ وەك تێهەڵکێش کردنی دێڕ و دەرئەنجامی زۆر لە هۆنراوەکان باسی نەفس و تەزکیەی نەفس و لۆمە و دژایەتیکردن و بە تاوانبار زانینی نەفس سەرشارە. لە شیعری (لۆمەی دڵ و نەفس)دا دەڵێت:

**دڵا شێتی بەسە تەرکی هەواکە**
**لە خولقی شەیتەنەت خۆت لێ جیاکە**
**زەمانێکە ئەسیری نەفسی بەدخودی**
**ئەگەر مەردی لەژێر دەستی ڕەهاکە** ( پاکی،٢٠٠٧، ل١٧٩)

لە لۆمەکردنی دڵ، کە سەرچاوەی حەز و ئارەزووە بەردەوام دەبێت، هەرچەندە دڵ لای زۆربەی عاریفان سەرچاوەی نووری ئیمانە، بەڵام دڵێك کەوتبێتە دوای هەوا و ئارەزوو ئەوا دەبی لۆمە بکرێت. لە شیعرێکی دیکەدا بەناوی (ئەی مەسیحا) بە هەمان شێوە لۆمەی نەفسی خۆی دەکات و بە سەرچاوەی گوناەی دەزانێت.

**ئەی مەسیحا لەب مەسیح ئاسا عیلاجم کە لە دەس**
**نەفسی بەد رێگری دڵ بۆ گرتنی نایە تۆی قەفەس**
**وا پشوی هەڵماوە دڵ لەم جێگەی وا تەنگ و تار**
**تۆ لەرێگەی خودا نەجاتی دە هەڵێنی یەك نەفەس** (پاکی،٢٠٠٧، ل٧٠)

شاعیر وەکو سۆفیەکی موسڵمان سوود لە دەقەکانی ئیسلام بۆ دەربڕین و گوزارشتکردن لەو بارەی دەیەوێ دەری بڕێت وەردەگرێت. حەزرەتی مەسیح لە سەردەمی خۆیدا دەیتوانی زۆر نەخۆشی چارە بکات، هاوکات بە ڕەزامەندی خوا مردووی زیندوو دەکردەوە. ئەمانە هەمووی لە قورئان و فەرموودەدا هاتوون. بۆیە شاعیر سوود لەو سەرچاوانە بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە دەست دڵ و نەفس، کە بەرەو کاری خراپەی دەبەن، دەکات.

**ج. بابەتی عیشق و عیشقی حەقیقی:**

لای عاریفەکان عیشق سەرچاوە و هۆی بوونە، هەروەها عیشق هێزی دەربڕین و زمانی لە یەکتر گەیشتنە. لە سۆفیگەریدا عیشق بۆ عیشقی زەمینی و عیشقی ئاسمانی، یان عیرفانی دابەش دەبێت. لە عیشقی ئاسمانیدا ڕووحی مرۆڤ بەرزەفڕە و نەمرە، بەڵام لە عیشقی زەمینیدا تەنیا وەسفی بەرجەستەی مەعشووق دەکرێت. لای هەندێك شاعیر بۆ نموونە "حافزی شیرازی" ئەم دوو عیشقە تێکەڵاو دەبن. ((پیاهەڵدانی مەعشووق وەکو ڕێبازێکی لێ دێت، یان شێوەیەکی عیرفانی وەردەگرێت، واتە عاشق بە وێناکردنی ڕووخساری جوانی مەعشووق، هەمان شێوە وەسفی عاریفە بۆ خودا.)) ﴿مختاری،١٣٦٨،ص١٦٥﴾ ئەم تێکەڵبوونە، یان وەسفکردنە نێزیکییە لای زۆرێك لە شاعیرانی کلاسیك بەدی دەکرێت. "پاکی"یش یەکێك لەو شاعیرانەیە، ئەگەر خوێنەرێکی وردنەبیت، ئەم تێکەڵیەی لا دروست دەبێت.

**لە مەدرەسەی عاشقی دەرسی عیشقم خوێندووە**

**کارتیشم وەرگرتووە یەکەم منم مودەڕەب** (پاکی،٢٠٠٧، ل٢٧)

لە نیوە بەیتی دووەمدا وێنەکە سادە دەکاتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا هەوڵدەدات گوزارشت لە عیشقی حەقیقی بکات.

**(پاکی) بەسیە هەتا کەی لاف عیشق لێ دەدەی**

**زۆر بەلەدی لە عیشقا ببەستە تۆ زمان و لەب**

هەرچەندە خوێنە کاتێك ئەم نیوە دێڕە دەخوێنێتەوە، بۆی دەردەکەوێت، مەبەستی شاعیر عیشقی حەقیقیە نەك عیشقی زەمینی. هاوکات بە شێوەیەك وەسفی خۆی دەکات، کە توانای ئەوەی نییە باسی عیشقی حەقیقی بکات، چونکە ئەم جۆرە عیشقە زمانێکی باڵا و توانایەکی ڕووحی بەرزی دەوێت. ئەو عیشقە (( لە ڕووحێکی باڵای عاشقانەی شاعیرەوە دێت، ئەم عیشقە تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ عیشقی ئەفلاتوونی بەرانبەرە.)) ﴿پێرامز، ١٣٨٦،ص٣٥٨﴾

**د. کێشەی شەریعەت و تەریقەت:**

عاریفەکان وەکو پەیڕەوانی تەریقەت ببەردەوام ململانێیان لەگەڵ ئهەلی شەریعەتدا هەبووە. ئەم ململانێیە پانتاییەکی فراوانی لە ئەدەبیاتی عیرفانی هەیە. ئەم بابەتە لای (پاکی) کراوەتە بابەتێك بۆ لێدان ڕەخنەگرتن و لۆمەکردنی سۆفی و مەلا وەکو پەیڕەوانی تەریقەت و شەریعەت:

**ئەی دەروێش کەزی گەزی شا ئەی خەلیفەی ڕیش بەحەنا**

**بەهەشتی پڕ حۆری عینا بەمانـــە دەس نا کەوێ قەط**

**لە دونـیا واز بهێـنـن ڕیشـــەی نەفـس دەرکـــەن لەبن**

**ئنجا ئەگەن ئێوە بـەخوا لەڕەحمی نائومێد نابن قەط**

**ئـەی مەلای جـوبە لەبەر مەندیلـی ڕیش بادراو لەســەر**

**تۆ جێ نشینی پێغەمبەر هەر دەڵێی پارەم نیە قەط**

**لە ڕیـــخۆڵەت (جوع الـبقر) پـــەیدا بووە بـۆ تۆ مەگەر**

**تا تۆ شەکوای  ماڵ بکە ناگەی بەخوا تۆ قەط و قەط**  (پاکی،٢٠٠٧، ل٨٣)

لەم دێرانەدا زۆر بە وردی کاری لەبارەی ئەو کەسانەوە کردووە، کە ئایین دەکەنە هۆکاریك بۆ پەیداکردنی ماڵ و سامان. هاوکات دەیکەنە هۆکارێك بۆ ئەوەی بەرژەوەندی خۆیان. شاعیر ڕوویان تێدەکات، ئەوەی بۆ قیامەت بژیەت بە ڕێشی درێژ و بە خۆشاردنەوە لە پشتی جوبەی مەلایەتییەوە نییە. بەڵکو دەبێ بە کاروکردەوە و خۆ یەکلایی کردنەوە بۆ خۆشەویستی خودا دەبێت. دەبینین هەناو و ڕیخۆڵەی مەلا بە برسیەتی مانگا دەچوێنێ و هەمیشە دەڵێ با پارە و سامان بێت و من برسیمە. ئەم شێوازی ڕەخنەگرتنە لای عاریفەکان زۆر بە وردی کاری لەباەوە کراوە.

## پاری سێیەم: بابەتی ئایین بۆ چاکسازی کۆمەڵگا لە شیعرەکانی (پاکی)دا:

دیوێکی تری تایپی هۆنراوەی میللی ئایینی لای (پاکی) گێڕانەوەی ڕۆڵی ئایینە بۆ نێو کۆمەڵگا. واتا ئایین و پیاوی ئایینی وەزیفە و ئەرکی خۆی هەیە لە بەرانبەر کۆمەڵگاکەیدا، کە ڕەنگرێژی کۆمەڵگایە بەپێی ئایدیای ئایینی خۆی. لە هۆنراوەی (باسی گۆڕانی چینەکانی کۆمەڵگا لەم زەمانەدا) بە ئەرکی خۆی دەزانێت گۆڕانکاری لە کۆمەڵگا دروست بکات.

**بەم عالەمە بەدبەختەوە پەشۆکاوە دڵی من**

**بنوارە کە چۆن سەرکز و داموە دڵی من**    (پاکی،٢٠٠٧، ل٢٣٢)

ئەو لەو باوەڕەدایە دونیا و کۆمەڵگا گیرۆدەی فەسادن، بۆیەیش دەڵێت:

**بنوارە چ پڕ شەڕ و شۆڕ و فیسق فەسادە**

**پڕ جەور و جەفا و ستەم و زوڵم و عینادە**

**عالەم لە فەسادی بە مەسل میللەتی عادە**

**گەنج ئینقادە هەموو هەروەکو سەرخۆشە بەبادە**    (پاکی،٢٠٠٧، ل٢٢٩)

شاعیر هۆکاری ناخۆشی و ژیان و سەختیەکەی بۆ ناتەبایی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتری و خودا دەگەڕێنێتەوە. مرۆڤ هەمیشە لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆی ئامادەیە ڕەگەزی خۆی بکاتە قوربانی. نموونەی گەنجمان بۆ دهێنێتەوە، هەمیشە کەسێکە بە سەرخۆشی دەژیەت ئەمەیش وای لێ دەکات نەتوانێت بیربکاتەوە، بە واتایەکی دیکە نەتوانێت ژیانی خۆی خۆش بکات. بە بڕوای (پاکی) خۆشی ژیان لە پابەندبوونەوەیە بە ئایینی ئیسلام. بەگشتی شاعیر لە هەوڵی ئەوەدایە ئایین بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی بە کار بهێنرێت. ئەمەیش لە چەند ئاراستەیەکدا خۆی دەبینێتەوە.

### ١. تێکۆشان بۆ چاکەی گشتی:

(پاکی)بە ئەرکی خۆی دەزانێت دژ بەو دیاردانەی دەبنە هۆکاری ناخۆشی ژیانی تاکەکان تێبکۆشێت:

**(پاكیا) ئەحواڵی دونیای دەنی خوا چاكی كا**

**تێ بكۆشە تۆ لەبۆ خوا مەنۆڕە عالەم چی ئەكا** (پاكی،٢٠٠٧، ل٣)

ئەم تێكۆشانە بە ئەركی سەرشانی خۆی دەزانێت، گوێ بە قسەی خەڵكی نادات بەوەی چۆن لەبارەی ئەو تێكۆشانەی ئەو بیر دەكەنەوە. گرینگ ئەوەیە خۆی ڕێنوێنی خەڵكی بكات، هاوكات گوێ بە كردەوەكانی خەڵكی نەدات.

### ٢. باسكردنی هەندێك دیاردەی كۆمەڵایەتی مۆدێرن و پێچەوانەی ئایدیای ئایینی وەكو:

#### - قومار و سینەما:

ئەم دوو دیاردەیە لە سەدەی بیستەم هاتە نێو كۆمەڵگەی كوردەواری، شاعیر لە ڕوانگەیەكی ئایینیەوە لەم دوو دیاردەیە دەنوارێت. بەوەی خەڵكی لەم شوێنانە پارە خۆیان بە هەدەر دەدەن. جگە لەوەی كاریگەری خەراپی بۆ سەر كەسایەتی مرۆڤ دەبێت، هاوكات ئەم كەسانە زیاتر تووشی كێشەی كۆمەڵایەتی دەبن.

**ناچی بۆ جومعە و جەماعەت ئەمری خواكەی جێ بەجێ**

**وەكو بە چوستی تۆ ئەچی بۆ جێی قومار و سینەما** (پاكی،٢٠٠٧، ل٢)

یان دەڵێت:

**خۆ بەهای جەنەت عەزیزم سینەما و مەلها نییە**

**بەڵكو هەتكی نەفس و تەقوا و تاعەتێكی بێ ڕیا** (پاكی،٢٠٠٧، ل٦)

لە هەردوو دێڕەكەدا چوون بۆ سینەما بە هۆكارێك بۆ دووركەوتنەوە لە خوا و بە دەست هێنانی بەهەشت دادەنێت. ئەمانە وا دەكەن مرۆڤ ئاگەداری پەروەردەكردنی لایەنی ڕۆحی خۆی نەبێت، بەڵكو زیاتر بەدووی هەوا و هەوەسی خۆی بكەوێت. ئەمانە شاعیر بۆ بەرچاو ڕوونی خەڵك ئاماژەیان پێ دەكات.

#### - دیاردەی بێ عەبایی:

لەگەڵ تێكەڵاوبوون و ئاشنابوونی میللەتی كورد بە میللەتانی دیكە، كاریگەری لە زۆر ڕووەوە لەسەر كۆمەڵگای كوردی هەبووە. بۆ نموونە لە دەیەی حەفتا و هەشاكانی سەدەی ڕابردوو دیاردەی عەبا بەتایبەت لەنێو بنەماڵە و خێزانە خوێندەوارەكان و بەتایبەت ئەوانەی لە شارە گەورەكانی وەكو بەغدا دەژیان نە دەما. ئەمە كاریگەری لەسەر خەڵكی ئاسایی و نەخوێندەواریش كردبوو. شاعیر لەبارەی ئەم دیاردەیەوە دەڵێت:

**پەردەی عیسمەت دڕاوە لام لە هەردوو لا بە خوا**

**پیاو دەچێ بۆ سینەما ژن دەسووڕێ بێ عەبا**

**بێ عەبا و پێچە دەسوڕێن تاك و جووت و شان بەشان**

**زوڵفی ڕەشماری لەسەر بەرقی ڕوخشی لا ئەدا** (پاكی،٢٠٠٧، ل٣)

كار دەگاتە ئەوەی بڵێت:

**کچ مەلا و شێخ و عەوامی ئیمڕۆ هیچ فەرقی نییە**

**گشتی سەکۆت و چۆك ڕووت و بێ حیجاب و بێ عەبا** (پاکی،٢٠٠٧، ل٤)

هەموو ئەمانە لای (پاکی) هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لە بیرکردنی مردن و خزمەتکردنی نەفس و خۆشەویستی دونیا. هەموو ئەمانە بە لەکە بۆ سەر مرۆڤ دەزانێت، تەنانەت ئاماژە بەوە دەکات کچی مەلا و شێخیش لەنێو ئەوانەدا ناناسرێتەوە، واتا ئەوانیش بە هەمان شێوە پێڕەوی لەم شێوازە دەکەن. لە وەسفی دونیادا زۆر وشە و دەربڕینی نەشیاو و بازاڕی بە کار دەبات.

٣. ڕەخنە وەك هۆکارێکی چاکسازی:

(پاکی)لە زۆر هۆنراوەی دا ناڕازیبوونی خۆی لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەردەبڕێت و ڕەخنەیان ئاراستە دەکات، بە مەبەستی وەلانانی یان چاککردنی، وەکو:

- ڕەخنەگرتن لە زانایانی ئایینی، کە خۆیان نموونەیەکی باش بۆ کۆمەڵگا نین، ئەوەی فەرمانی پیدەکەن خۆیان ئەنجامی نادەن.

**ئەی مەلا چاوت هەڵێنە بیخە بەر دوو چاوی خۆت**

**ئای (اتامرون الناس بالبر) چی دەڵێ ڕۆژی سزا**

- ڕەخنە لە زانایانی ئایینی، کە منداڵەکانیان باش پەروەردە ناکەن:

**سەد مەخابن گشت مەلا و ئەولادیان و شێخەکان**

**ڕێگەی دینیان بەجێ هێشتووە کوڕە ڕێ ئیختیار ئەکا**

زۆربەی مەلا و شێخەکان ئەوەی بە قسە دەیڵێن نە خۆیان و نە منداڵەکانیان بە کردار جێبەجێی ناکەن، ئەمەیش کاریگەری خەراپی لە سەر خەڵك دەبێت، چونکە ئەوان شێوە کارێك بە خەڵك نیشان دەدەن، خەڵکیش ئەوان بە پێشڕەوی خۆیان دەزانن و چاویان لێ دەکەن.

- ڕەخنە لە زانایانی ئایینی، کە حەقبێژ نین و پشتیوانی ستەمکاران دەکەن:

**ئەی مەلا تۆ وەك مەلێکی بێ پەڕ وپۆ هەر دەمێ**

**زاڵم گەر بۆی ڕێککەوێ هەردەم ئەتۆ زامار ئەکا**

**ئایەتی (ولا ترکنوا الی الذین ظلموا)**

**هاتووچۆی زۆردار مەکە ئەو ئەمری خوا ئینکار ئەکا**

بە درێژایی مێژوو زۆر لە پیاوانی ئایینی بۆ بەرژەوەندی خۆیان پشتیوانیان لە دەسەڵاتدار و ستەمکاران کردووە، هەرچەندە دەیانزانی ئەوەی دەیکەن زوڵمە و تاوانە.

- گوتنی حەق ئەرکی زانایان و ئیعلامە بۆ چاکسازی:

**حەق ووتن قانوونی ئیعلامە وەکو فەرموویەتی**

**(قولو الحق) تۆ بخوێنە چۆنی بۆت (اظهار) ئەکا**

- ڕەخنەگرتن لە خەڵکی کە ئامۆژگاری وەرناگرن:

**واعیزێ گەر بێتو وەعزیان بۆ بخوێنێ ڕۆژ و شەو**

**کەس لە گوێ ناگرێت و ناکەس وەعزەکەی ئینکار ئەکا**

(بۆ گشت ئەم نموونانە بگەڕێوە لاپەڕە ١-١٥)

- زانست وەکو هۆکارێك بۆ گەشەی کۆمەڵگا دەبینێ:

(پاکی) لە زۆر شوێندا باسی گرینگی زانستی کردووە. هاوکات زۆرجار باسی ئەوەی کردووە، کە زانست و ئایینی ئیسلام پێچەوانەی یەك نین، بەڵکو تەواوکەری یەکترین وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەو هەموو گومانانەی کە هەژموونی زانستخوازی وەك پرسیار لەسەر ئایینخوازی دایناوە. لە لاپەڕە (٢٤٢)ی دیوانەکەیدا لە هۆنراوەی (گەورەیی زانست و زانایان لەلایەن خودا) دا دەڵێت:

**بدە سەرنجێ گەورەیی عولەما**

**زۆر پایەبەرزن لە بارەگای خوا**

لەم هۆنراوەیەدا زۆر بە دوورودرێژی باسی پێگەی زانایان و گرینگی زانست لە ڕوانگەی ئیسلامەوە دەکات، بە بەڵگەی قورئان و فەرموودە.

- هۆنراوەی فێرکاری

زۆر لە شاعیرانمان هەوڵیانداوە بابەتێکی زانستی بخەنە چوارچێوەی هۆنراوەیەکەوە، وەکو (مەولەوی) چۆن (عقیدە مرچیە)ی بە هۆنراوە نووسیوە. لای (پاکی) ئەم هەوڵەیە هەیە. لە لاپەڕە (٢٤٠)ی دیوانەکەیدا هۆنراوەیەکی بەناوی (ئەرکانی ئیسلام و ئیمان) هەیە، وەکو دەڵێت:

**ئەوەل بەناوی پادشای بێ چوون**

**زومرەی کائینات بە (کن فیکون)**

**هێنایە وجود لە موڵکی عەدەم**

**کردەوەی خاڵی نییە لە حیکەم**

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، ئەم شاعیرە دەستی بۆ زۆرێك لە بابەتە وردەکانی ژیان بە هۆنراوە داناوە، بەڵام زمانەکەی زمانێکی سادەی نێو خەڵك بووە. دیارە هۆکاری ئەمەیش بۆ تێکەڵاوی ئەم شاعیرە لەگەڵ خەڵك و ژیانکردنی لەنێویاندا. بێگومان ئەمەیش بە خەوش بۆ شیعرەکانی هەژمار ناکرێت، بەڵکو لەڕێی ئەم زمانەوە هەوڵیداوە خۆی لە خزمەت خەڵکدا تەرخان بکات.

**ئەنجام**

**١. لە شیعری کلاسیکدا سۆفیگەری و بابەتەکانی، تایپ و جۆرێکی هەر باو بووە. کەم شاعیر هەیە پەنای بۆ نووسینی ئەم تایپە لە شیعر نەبردبێت.**

**٢. لای "پاکی"ی شاعیر ئەم تایپە لە شیعر بە زۆر شێوە دەردەکەوێت، واتە هەیە، بەڵام جیاوازی لە زمان و شێوازی نووسینی شێعرەکەدا هەیە. شیعرەکانی زمانێکی میللیانەی هەیە، ئەو زمانە بەرزەی لای شاعیرانی وەکو مەحوی، نالی...تاد هەیە، نیەتی.**

**٣. لە دەربڕینی وێنە شیعریەکاندا، هونەری تێهەڵکێش و لێکچواندنی زۆر بەکارهێناوە، بەتایبەتی لە هێنانەوەی ئایەت و فەرموودەدا.**

**٤. ئەم جۆرە شیعرە میللییە ئاینییە بۆ گوزارشتکردن و دەربڕینی گەلێ دەرد و نەخۆشی کۆمەڵایەتی بەکاردهێنێت، ئەویش لە پێناو ئەوەی زۆرترین خەڵك لە شێعرەکانی تێبگەن. بۆ نموونە تێکۆشان بۆ چاکەی گشتی، دوورکەوتنەوە لە سینەما و قورماخانەکان.**

**٥. هەر بەم تایپە شیعرە ڕەخنەی توند لە زانایانی ئاینی دەگرێت، کە زۆربەیان ئەوەی دەیڵێین لە کردەوەکانیاندا جێبەجێی ناکەن، منداڵەکانیان پەروەردەی باش ناکەن، پشتی ستەمکاران دەگرن.**

**سەرچاوەکان:**

**کتێبی کوردی:**


١. دیوانی پاکی، ٢٠٠٧، ئامادەکردن: د.ئیبراهیم تاهیر مەعروف، نووسینگەی تەفسیر، هەولێر.

٢. لەشکری (د،حەیدەر)، ٢٠١٣، لە شەریعەتەوە بۆ حەقیقەت (سەرهەڵدانی سۆفیگەری لە پانتایی کوردیدا)، دەزگای موکریان، هەولێر.

٣. حەمەد (د.پەخشان سابیر)، ٢٠١٢، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی: کرمانجی خوارووی کوردستان ١٩٩١/١٩٧٠، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٤. حسێنی (سەید ڕەزا)، ٢٠٠٦، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و:حەمەکەریم عارف، دەزگای موکریان، هەولێر.

٥. عەبدولکەریم (سەبور)، ٢٠١٤، ڕەنگدانەوەی کەسێتی و دنیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا بەتایبەت لای مەحوی و حفزی شیرازی، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.

٦. کاك ئەمین (حوسێن غازی)، ٢٠٠٨، نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە ساڵی ١٩٣٢ تا کۆتایی ١٩٤٩ لە کوردستانی عێرقدا، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئاوێر، هەولێر.


**کتێبی عەرەبی:**


٧. ادونیس، ١٩٧٩، الپابت والمتحول (الاصول)، دارالعوده، بیروت.

٨. خفاجی (د.محمد عبدالمنعم)،؟ ، الادب فی التراپ الصوفی، مکتبه غریب، القاهره.

٩. الخگیب (د.علی)، ١٤٠٤هجری، اتجاهات الادب الصوفی بین الحلاج وابن عربی، دار المعارف، القاهره.

١٠. جمعه (حسین)، جمالیه التصوف (مفهوما ولغه)، مجله الموقف الادبی، عدد:٣٦٤، اتحاد الکتاب العرب، دمشق.


**کتێبی فارسی:**


١١. یبرامز (مایر هاوارد)، ١٣٨٦، فرەنگ واره اصگلاحات ادبی، ترجمه:سیامك بابایی، نشر جنگل، تەران.

١٢. مختاری (محمد)، ١٣٦٨، انسان در شعر معاصر، نشر توس، تەران.


سایت:


١٣. حەسەن (حەمەسەعید)، ٢٠١٦، توانەوە لە زەریای عیشقی خوادا، سایتی باسنیوز:

http://www.basnews.com/index.php/so/opinion/٢٧١١٣٩

**ملخص البحث**

في الشعر الكلاسيكي الكردي، التصوف ومواضعه كان احدى المواضيع السائدة التي تطرق اليه الكثير من الشعراء. عندالشاعر(باكي)يظهر هذا النمط من الشعر بعدة اشكال، يعني هداالاسلوب موجود، لكن توجد فرق بين لغة و اسلوب كتابة هذا النمط من الشعر. اشعاره يغلب عليه طابع اللغة الشعبية، وليس لديه اللغة الرفيعة الذي توجد عند شعراء مثل(محوي،نالي...الخ). في التعابير السكرتارية، استخدم فن التورية والتشبيه، خصوصافي استخدام النصوص الدينية من ايات القران واحاديث النبي. في التعابير الشعرية،... هذا النوع من الشعر الشعبي الديني، يستخدم للتعبير عن المشاكل الاجتماعية. وهذا لكي يفهمه اكثرية الناس، مثلا النضال من اجل المصلحة العامة، الابتعاد عن السينما والقمار.و بهذا النمط من الاسلوب الشعري ينتقد علماء الدين، الذين يقولون ما لا يفعلون، ولايربون اطفالهم و يساندون الظالم.

## Conclusions

1. Sufi poetry and their topics were common themes in Classic Poetry; few poets were anonymous within this poetry phenomenon.
2. This poetic phenomenon with "Paki" are clear and reflect multiple forms, exhibits the popular language fashion, but perhaps not as Erfani and high level language as used by Nali, Mahwi and others in Kurdish Classic Poetry.
3. Paki uses many arts in his poetic images such as simile and metaphor, especially Quran verses and Hadith.
4. Through his poems to this style of popular language to reflect social diseases and pains common in Kurdish Society back then, so the community majority understand his indications. Those topics were intended to prevent the worse habits and behaviors such as alcohol, gambling and its spread.
5. The poet used frank criticisms to the religious leaders who did not care to raise their children to refrain from outrageous trends and disgraceful behaviors and picking on them they would do in their families like what they say to people.